Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01- 08

# جەستە و دەسەڵاتی ژن لە ئەفسانەی کوردیدا شاماران وەک نموونە

**دیمەن عەبدوڵڵا ساڵح**

بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی ، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-8-20** |
| Accepted | **2026-01-09** |
| Published: | **2026-01-17** |

**Keywords**

**ئەفسانە، ژن، وێنە، دەسەڵات، شاماران.**

**Corresponding Author**

deman.abdulla@gmail.com

**پوختە:**

ئەفسانە یاخود میتۆلۆژیا بەرهەم و کەلەپووری هەر نەتەوەیەکە، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەقڵی مرۆڤەوە هەیە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، جۆریکە لە شیکردنەوە تێڕامان بەرامبەر بە هەموو ئەو دیاردانەی مرۆڤ تێی نەدەگەیشت. ئیتر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی نائەقڵانی، لێکدانەوە بۆ شتەکان بکات. واتا لە سەر بنەمای خەیاڵکردنبووە، کە خۆی لە موعجیزە ئاڵاندوە. بەپێی سەرچاوەکان، کوردستانیش وەک ناوچەیەکی شارستانیەتی کۆنی میزۆپۆتامیای سەروو بووە، دواتر بۆ میزۆپۆتامیا خواروو گواستراوەتەوە، کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین ئەفسانەی جۆراوجۆرە و مێژوو و ئاین و کولتوور بووە.

مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، خۆی وەک ئەفسانەساز بووە، کە هەمیشە ویستوویەتی لەو ڕێگەیەوە لە خودی خۆی و جیهان و گەردوون و چواردەوری خۆی تێبگات. هەرچەندە، ئەفسانە جیاوازە لەگەڵ زانست و ئاین و مێژوو، بەڵام لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە. ئەفسانە یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی هوشیاری و هەستێکی هاوبەش بۆ (مێژوو، بەهاکان، بیروباوەڕەکان، پیرۆزییەکان و نەریتەکان). هاوکات ئەفسانەکان دەبنە ئامرازێک بۆ دەربڕین و پاراستنی یادەوەری و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان لەناو نەتەوەیەکدا. هەر لەڕێگەی ئەفسانە، دەگەینە کولتووری کوردی و چ شتێک لە ئەفسانە گرنگ ترە بۆ کۆکردنەوە و سەروەت و سامانی کولتوور و پارێزگاری کردنی لە فەوتان و زیندووکردنەوەی زمان، کە بەهۆی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کۆن لە ئەفسانەی کوردیدا.

## پێشەکی:

ئەفسانە، چیرۆکێکی سەیر و سەمەرە دەگێڕێتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە، مرۆڤ دەکەوێتە بیرکردنەو لێکدانەوەی و ورد بوونەوە و تێڕوانینی بۆ ڕووداوەکان، بەشێوازێکی قوڵ و واقیعیانە. بۆیە هەرچەندە مرۆڤ پێشبکەوێت پێویستی بە ئەفسانە هەیە، چونکە ئەفسانە مرۆڤ دەخاتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ. لە ئەنجامی ئەم بیر کردنەوەیە عەقڵ دەکەوێتە ئیش، هەر شتێکیش بەم شێوەیە بیری لێکرایەوە عەقڵ بخاتەگەر دەرئەنجامێکی باشی دەبێت. جگە لەوەی بەشێکی گرنگی کولتووری میللەتان بەزیندووی دەهێڵێتەوە، کە کولتوور بەشێکە لە ناسنامەی هەر میللەتێک. خواوەندی مێینەش (شاماران) بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵگای کوردی، نیشانمانی دەدات، کە ڕۆڵی ژن لەم کۆمەڵگایەدا چۆن بووە. دیارە خاوەنی دەسەڵاتێکی تایبەت بووە بە بەراورد بە ئێستا دەکرێت بپرسین بۆچی ژن لەم قۆناغەدا خواوەند بووە، دواتر ئاراستەکەی گۆڕا بە چاوێکی نزم یان وەک پلە دوو سەیر دەکرێت؟ هەموو ئەمانەش لە دەرئەجامی ئەم گۆڕانکارییەوە هاتە ئاراوە، کە کۆمەڵگا بەخۆیەوە بینی تاوەکو ئێستاش لە گۆڕانکاریدایە، دەکرێت لە داهاتوودا ژن ببێتە ڕێڕەوێک حوکمی جیهان بکات.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بە ناونیشانی (وێنە و جەستە و دەسەڵاتی ژن لە ئەفسانەی کوردیدا شاماران وەک نموومە)، کە هەر بەشێک لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت، بۆنموونە

بەشی یەکەم تیۆرییە: دەروازەیەک بۆ ناساندنی ئافسانە و وێنە ئەفسانەیی، چەند تەوەرەیەک لە خۆ دەگرێت. تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئەفسانە و جۆرەکانی. تەوەرەی دووەم: وێنەی ئەفسانەیی و تەوەرەی سێیەم: گوتاری دەسەڵات و هێزی جەستەی ژن .

بەشی دووەم پرکتیکییە: وێنە و جەستە و دەسەڵاتی ژن لە ئەفسانەکەدا، چەند تەوەرەیەک لە خۆ دەگرێت. تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لە دەقی ئەفسانەی شاماران. تەوەرەی دووەم: وێنەی ئەفسانەیی جەستەی ژن لە ئەفسانەکەدا، تەوەرەی سێیەم: دەسەڵات و هێزی ژن لە ئەفسانەکەدا و لە کۆتایدا ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی ژن، لە گرنگیدان بە هێز و دەسەڵات و ئاشتی و دەرخستنی گرنگی جەستەی ژن.

## گیروگرفتی توێژینەوەکە:

پەیوەندی ژن بە مارەوە چییە؟ و ژن و جەستەی ژن چ ڕۆڵێکی بینی لە ئەفسانەکەدا؟ بۆچی ژن وەک خواوەندێک سەیرکراوە؟ هەموو ئەمانە کۆمەڵێک گیروگرفت بوون، لە توێژینەوەکەدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەبوو.

## مێتۆدی توێژیەوەکە:

لە توێژینەوەکەماندا پەنامان بۆ مێتۆدی ڕەخنەیی ئەفسانەیی بردووە، خوێندنەوەمان بۆ هەموو ئەم دەقانەکردووە، کە وەرمانگرتووە لە ئەفسانەکەدا و چۆن لە ڕێگەی ئەم میتۆدەدا دەتوانین بڕوانینە جەستەی ژن لە ئەفسانەدا.

## گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان، هەوڵدەدات بایەخ و گرنگی ئەفسانە نیشانبدات، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی ژن و جەستەی ژن.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی ژن و جەستە و گرنگی جەستەی ژن ئەفسانەی شاماران دەسوڕێتەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستنی هەموو ئەم خاڵە گرنگیانەی، کە ژن ڕۆڵێکی یەکجار زۆری لە ئەفسانەکەدا و کۆمەڵگای کوردیدا بینیوە.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ ناساندنی ئافسانە و وێنە ئەفسانەیی

### تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئەفسانە و جۆرەکانی

لە ڕاستیدا ئەفسانە بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، کە هەموو میللەتانی جیهان خاوەن ئەفسانەی تایبەتی خۆیانن، کە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بیرو باوەڕەکانی خۆیان بخەنەڕوو. هەربۆیە هەر لەمیللەتێک زاراوەیەک یان چەند زاراوە بەرامبەر ئەم جۆرە چیرۆکە یان ئەم ڕووداوانە چەسپاندوە. بۆنموونە لای کورد زاراوەی (ئەفسانە) و لای عەرەب (اسطورە) و لای فارس (افسانە) و لای ئینگلیز (myth) و لای فەرەنسیەکان زاراوەی (mythe) بەکارهاتووە، کە هەندێک لە شارەزایانی ئەم بوارە زاراوەی (میتۆلۆژیا)یان بەکارهێناوە. ((هەربۆیە میتۆلۆژی پێ دەڵێن، هەرچەند ئەم وشەیە بەو ئەفسانانە دەوترێ، کە ئاشنایەتییان لەگەڵ خواکانا هەیە و بە باڵای ئەوانا وتراون، بەڵام لەبەرئەوە، کە زاناکان قسەیان لە پەیدابوون و چۆنیەتی و ڕمووزی ئەفسانەوە کردووە بە عیلمەکەش هەر دەڵێن «میتۆلۆژیا». ))(سوجادی،٢٠١٦، online)

ئەفسانە، لە هەر میللەتێکدا واتا و مانای جیاوازی هەیە، هەربۆیە ((وشەی ئەفسانە لەزمانی کوردیدا لە یەکێک لە ماناکانیدا بەواتای مێژوویێکی دوور و خەیاڵی و چیرۆکی و سەربوردەیەکی ناڕاست دانراوە. ڕاستە ئەفسانە واتای خەیاڵی و تاراددەیەکیش دوور لە عەقڵ

ڕادەستدەکات، بەڵام ئەمڕۆ لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی بۆیان دەرکەوتووە، ئەو بابەتانەی لە ئەفسانەدا دەخرێنەڕوو ڕەگێکی واقیعیشیان هەیە.)) (خۆشناو، ٢٠١٣، ١٦). ئەگەر ئەفسانە بەواتای مێژوویەکی دور یان دێرین بێت، ئەوا لەواقیعیەت بەدەر نابێت، بۆنموونە هەندێک لە ڕووداوەکان سەرچاوەکەی کاریگەری سروشت بوو و واقیعیە، بەڵام لای مرۆڤ دەکەوێتە بەر خەیاڵی داهێنەری ئەفسانەکان.

هەرچەندە ئەفسانە لە نێوان میللەتێک بۆ میللەتێکی دیکە جیاوازی هەیە، بەڵام دەکرێت مانای زاراوەکە شتی جیاواز بێت. هەربۆیە لە نێو میللەتاندا، بۆنموونە ((وشەی ئەفسانە لە نێو یۆنانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆمەڵێک مانای هەیە لە وشەوە تا دەگاتە وتن و چیرۆک و خەیاڵ)) (Bolle, Buxton, Smith 2024, online). ئەفسانە لە نێو ئەدەبدا سەرچاوەیەکی گرنگ و باڵایە، چونکە لە ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە. ((ئەفسانە بریتییە لەو بیروباوەڕ و خەیاڵە کەڵەکەبووەی بەشێوەی تۆمارێکی هەستی، چ بەئاگایی بێت یاخود بێ ئاگایی، بەشێوەی داهێنانێکی ئەدەبی دێتەکایەوە. کە لە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە بەردەوامیش شایەنی لێ وردبوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەفسانە کورترین و گرینگترین ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤە.)) (حەمەد، مستەفا،٢٠٢٢ ، online)

سەرەتای داهێنانی ئەفسانە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی بەتایبەتی، کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردە سروشتییەکانی گەردوون دەبۆوە، کە دەکەوتە تێڕامان و بیرکردنەوە لە ڕووداوەکان، تاوەکو بتوانێت بە پێی بیرو ئایدیای خۆی لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردانە بکات، بە ناچاری دەکەوتە خەیاڵ و دروستکردنی چیرۆکی سەیروسەمەرە. (( ئەفسانە گێڕانەوەیەکی شێواوی ڕووداوە مێژووییەکانە، بە خەیاڵێکی میللی و چەندەها حەکایەتی ئایینی و نەتەوەیی و فەلسەفی دادەهێنێ، بۆ وروژاندنی هەستی گوێگر، ئەفسانە حەکایەتێکی پووچە و مرۆڤی سەرەتا بە پێی ئیحا و خەیاڵە کزەکەی داهێناوە)) (ئەڵوەنی، ، ٢٠٠٧، ٣٦). کەواتە ئەفسانە مێژوویەک دەگێڕێتەوە، تێکەڵە لەخەیاڵ زادەی مرۆڤ خۆیەتی.

((ئەفسانە کۆمەڵە چیرۆکێکی خەیاڵییە، کە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن کولتوورێک یان ئاینێکی دیاریکراوەوە دروستدەکرێت. ئەم کۆمەڵە چیرۆکانە ئامانجیان پاراستنی مێژووی کولتوورەکە و فێرکردن و ئاگادارکردنەوەی گەلەکەیان و ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکانیان و یارمەتیدانی مرۆڤەکانە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر.)) (Carnevale, starmack, clayton, online) لێرەدا گرنگی و ڕۆڵی ئەفسانە دەردەخات، کە دەبینین ئەفسانە دەتوانێت کوولتوور و داب و نەریت بپارێزیت، کە ئەم کولتوورە سەرچاوە و سامانی هەر میللەتێکە.

ئەفسانە بەتەنها بریتی نییە لە خەیاڵ، بەڵکو واقیع بوونی تێیدا هەیە، ڕەگ و ڕیشەی خەیاڵ بۆ واقیع دەگەڕێتەوە، بەڵام خەیاڵ بابەتێکی سەرەکی ئەفسانەیە، کە زیاتر بۆ بیری کۆنی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. ((ئەفسانە چیرۆک یان گێڕانەوەیەکە لە نێوان ئەفسانە و واقیعی مێژوویی و زیاتر لەبارەی کەسێکی دیاریکراوە. ئەفسانە چیرۆکێکە لەڕێگەی گێڕانەوەی زارەکی، کە لە ڕابردووە بۆ ئێستا گواستراوەتەوە و ڕاپۆرتێکی زیادەڕەوییە، کە زۆرجار جێی متمانە نییە و زیاتر لەسەر کەسێکیان شوێنێکیان ڕووداوێکی مێژووییە.)) (شەریفی، ١٣٨٧، ١٧٦). مەرج نییە پاڵەوانی ئەفسانە هەر مرۆڤ بێت، یان مرۆڤ ببێتە سەرچاوەی پێکهاتەی ئەفسانە، زۆرجار ئاژەڵ و دێو و درنج بابەتی ئەفسانەییەکانن، ئەو ڕابردووە دەگێڕێتەوە، کە بۆتە جێگەی مشتومڕ و سەرنجی مرۆڤەکان، کە بەپێی خەیاڵی زادەی خۆیان ڕووداوەکانیان سەیروسەمەرە تر دەکرد.

## جۆرەکانی ئەفسانە

لەڕاستیدا لەبەرئەوەی ئەفسانە، بابەتێکی چڕ و ئاڵۆز و بەیەکداچووە و دێرینە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە زانستەکانی دیکەی وەک ئاین، فەلسەفە، جادوو، مێژوو هتد... هەیە، کە ئەمەش ڕەنگە گرفتێکی دروست کردبێت بۆ چۆنییەتی دابەشکردنی، بۆنموونە دکتۆر (مەولود ئیبراهیم) لە کتێبی گەڕان بەدوای نەمریدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی جۆرەکانی ئەفسانەی کردووە ((ئەفسانەی خواوەندەکان، پاڵەوانییەتی، دڵداری، ژنخواستن، گەڕان بەدوایی نەمریدا، گەڕان بەدوای بەخت، سڕدۆزی، ئەفراندن، گیانلەبەران، لافاو)) (ئیسماعیل، سەعید، ٢٠٢٢، ١٨٣).

**١-ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان:**

هەر میللەتێک، خاوەن ئاین و مەزهەبی تایبەت بەخۆیەتی و خاوەنی خواکانن هەریەکێک لەو میللەتانەش بەشێوە و نەریتی خۆیان باسیان لە خواکانی خۆیان کردووە لە ئەفسانەدا، کەواتە ((ئەم جۆرە ئەفسانەیە بریتییە لە دەربڕینێکی زارەکی بۆ نەریت و بۆنەکان لە کاتی گێڕانی ڕێوڕەسم و سرودەکاندا، بۆنموونە لە بۆنەیەکی ئاییندا مرۆڤ بەسۆز و کاریگەر باسی دەکات دەیگرێتەوە بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی باوەڕ سەبارەت بە دیاردەکانی بوونەوەر. دیارە ئەم جۆرە ئەفسانەیە پێویستە تا مرۆڤ بۆنە ئایینییەکان لە بیر نەکات و هەمیشە یادیان بکاتەوە)) (Naderi,2021, online)، هەر بۆیە دەبینین لە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینییەکاندا ((نەریت بریتی دەبێ لە خولقاندن و بە ئێستاکردنی ڕابوردوویێکی لێڵ، بەڵام لەلای بەکارهێنەرانییەوە وەکو کردەیەکی ئایینی ناسراوە، واتە نەریت بۆنە ئاینییەکان پەیوەندییان بە ئەفسانەکانەوە هەیە و لە ڕێگەی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یا ئەفسانەییەوە کە لە سەرەتادا ڕوویداوە، ئەم پەیوەندییە دەخاتەڕوو)) (ئیسماعیل، سەعید، ٢٠٢٢، ١٩١). کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی شتێک دەبێتەوە هەمێشە بڕوای بە هێزێک هەیە، کە بۆتە هۆکاری ڕوودانی ئەم ڕووداوانە، بۆ نموونە لە نێو ئاییندا کاتێک باس لە بوومەلەرزە دەکەین دەڵێن خۆمان هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکەین، چونکە خوا لە میللەتەکەی تورەیە، بەم شێوەیە لە هەر میللەتێکدا دەبینین خواوەندێکی هەیە بۆنەونەریتی تایبەتیان بۆ داناوە جیاواز لە میللەتێکی دیکە.

**٢-ئەفسانەی گەردوونی**: لەم جۆرە ئەفسانەیەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردە سروشتیەکان دەبۆیەوە هەربۆیە، (( هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە چۆنیەتی و سەرەتای دروستبوونی گەردوون تێبگات، بۆ نموونە ئەفسانەی بابلی باس لە چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون، واتە ئاسمان و

ئەستێرە و هەسارە و زەوی دەکات. هەروەها باسی لە چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤ لە زەوی و دونیادا باسکردووە. ئەمەشە لەبەرئەوەی مرۆڤ بەردەوام هەوڵیداو بەدوای شتە نەزانراو و نەناسراوەکاند بگەڕێت. کەواتە ئەم جۆرە ئەفسانە باس لە مەتەڵی ژیان دەکات))( Naderi,2021, online).

لە ئەفسانەی گەردوونیدا، یەکەم پاڵنەری دروستبوونی ئەم ئەفسانەیە بریتی بووە لە بیرو ئایدیای مرۆڤی ئەو قۆناغە، چونکە مرۆڤ ((لە بابەتە نارِوونەکانی کۆڵیوەتەوە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆکردووە. سروشتی زۆرێک لەمرۆڤەکانیش وایە حەز بەزانینی وردەکاریی شتە نارِوون و نەزاندراوەکان دەکەن، هەر وەک ڕامان لە گەردوون و پرسیارکردن لەوەی، کە چۆن دروستبووە)) (ئیسماعیل، سەعید، ٢٠٢٢، ١٨٦).

کەواتە مرۆڤی ئەو سەردەمە هەمیشە بەدوای شتەنەزاندروا و شتە تاریکەکانەوە بووە، بۆئەوەی بتوانێت بە پێی شرۆڤە و لێکدنەوەی خۆی لەم دیاردانە تێبگات، کە ڕووبەڕووی گەرردوون بۆتەوە دەرئەنجام ئەم ئەفسانەی لێهاتە بەرهەم، چونکە خەیاڵ و واقیعی تێکەڵ بەیەکتری کرد.

**٣-ئەفسانەی هێمایی:**

بایەخی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لەوەدایە، کە مرۆڤ کەرەستەیەکی گرنگی ئەفسانەکەیە، واتا مرۆڤ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت تیایدا بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵەوە هەیە. ((ئاشکرایە، کە مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بەهۆی ئەفسانەوە دەیەوێت باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی خۆی بکات، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە جۆرەکانی تری ئەفسانە پیشکەوتووترە، چونکە خۆی نابەستێتەوە، تەنها بە باسکردنی گەردوون و سروشتەوە، بەڵکو باس لە مرۆڤ و ژیانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات. لەبەر ئەوە بە ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت.)) (Naderi,2021, online) هەموو ئەوشتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا ڕوودەدەن، بەشێوەیەکی خۆرسکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەکاتە سەرچاوە و کەرەستەی ئەفسانەکە.

لەم جۆرە ئەفسامەدا، کە ڕەمزیشی پێ دەوترێت ((هێز و دەسەڵات دەگۆڕێت بۆ هێمایەکی بەرجەستەکراو سیفەتەکانی مرۆڤ لە خواوەندەکان یان پاڵەوانە خۆرافییەکان دادەماڵێ و ئاوێتە دەبێت لەگەڵ هەندێ لە توانا سنووردارەکانی مرۆڤ بەو هێزە گەورەیەی، کە توانای خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و زاڵبوون بەسەریدا)) (ئیسماعیل، سەعید، ٢٠٢٢، ١٩٨-١٩٩). مرۆڤ هێز و دەسەلاتی خۆی دەخاتەگەڕ لە توانایەکی سنووردارداد.

**٤-ئەفسانەی قارەمانێتی خواوەندەکان:**

ئەم جۆرە ئەفسانەیە، لە نێو هەموو میللەتاندا بوونی هەیە، چونکە هەر میللەتێک بگری خاوەن ئاین و خواوەندی خۆیەتی ((جیاوازی ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ ئەفسانەکانی تر لەوەدایە کە لەم ئەفسانەدا خواوەندەکان ئادەمیزادن. واتە لە بەرگ و شێوەی مرۆڤدان. جیاوازی ئەم جۆرە لە ئەفسانەکانی تر لەوەدایە، کە لەم ئەفسانەدا کە پاڵەوانەکانی ئادەمیزادن هاوکات ئاوێتەن بە خوداوەندێ، بەڵام لە چەشنەکانی تردا پاڵەوانی سەرەکی خوداوەندەکانن، چونکە لە ئەفسانەکانی تردا خوداوەندەکان خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان بوون، لە کاتێکدا لێرەدا قارەمان و پاڵەوانەکە لە لایەکەوە سیفەتی خواوەند و لەلایەکی ترەوە مرۆڤە لەسەر زەوی، بۆنموونە: ئەفسانەی گلگامێشی پاشای بابل)) (Naderi,2021, online) لێرەدا دەبینین لە بەڕیوەبردنی ژیاندا مرۆڤ دەستێکی باڵای هەیە، هەر بۆیەش ئاوێتە دەبێت بە خواوەندەکان، بۆیە دەبینین لە هەندێک میللەتاندا چەندین خواوەند دەبیندرێت ،وەک خواوەندی زەوی و خۆر و ئاسمان و هیتد... ئەوەی، کە دەسەڵاتی بەسەر زەویدا دەشکێتەوە لەم جۆرە ئەفسانەیەیە.

## تەوەرەی دووەم: وێنەی ئەفسانەیی

وێنە، بابەتێکی باڵا و گرنگە لە ئەدەب و هونەردا، چونکە هەست و نەستی مرۆڤ لە ڕێگەی وێنەوە دەگوازرێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ژانرێک بگری بەبێ وێنە کرچ و کاڵ دەبێت. وێنەو پێویستییەکی ناچارییە، چونکە ئەگەر وێنە نەبێت تێگەیشتن و درکپێکردن نایەتە ئاراوە، کە بە هۆیی وێنەوە ڕووداو و کەرەستەکان دەناسرێن، ((وێنەکان نوێنەرایەتی هزر، جیهانبینی، واقیع و دیدێک دەکەن، یاخود وەک ڤیگنشتاین پێیوایە، زمان و وێنە ئاوێنەی جیهانە. وێنە، نوێنەری و نوێنەرەوەی جیهانە ڕۆماننووسیش وێنەساز و جیهان سازە، توێژەریش، وەک وێنەناس سەرنج لە جیهانی وێنەکان دەدات و هەڵسانگاندن بۆ شوناس، نەخشە و ژیانی ئەو جیهانە دەکات.)) (مەعروف،٢٠٢٤، ٦).

هەموو شتێکی سەر ئەم زەوییە وێنەی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە شتەکانی دەوروبەری بگات و لەیەکتریان جیا بکاتەوە، هەر بۆیەش وێنە لە ئەدەبدا ئاستی گەیاندن زیاتر دەکات. ((هەموو ئەو بابەتە ئەفسانەییانە بوونە ئەدەبێکی تایبەت و وێنەکانیش دەرئەنجامی دەروونی مرۆڤ و سروشتن، چونکە بەیەکدا چوونی خود و هۆکارەکانی ژینگە دەوڵەمەندی ئەو جیهانە ئەفسانەییە پیشان دەدات، هەر لە چیرۆکەوە تا هەڵوێستە دەروونی و خود و ڕەوشت و نەریتەکانی کۆمەڵگا، وێنەکانیش بە هەمان شێوە ئاگایی کۆمەڵایەتی و ڕاستییەکی گەردوونیان هەڵگرتوە، وەک ئەو گەلەی ئاگای لە کەلەپووری خۆی نەبێ، لایەنێکی گەورەی مێژوویی خۆی ون دەکات)) (ئەمین، ٢٠٠٢، ٢١).

ئەگەر سەرنج بدەین وێنە لە زانستەکانی دیکەدا، بۆ نموونە ((لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا زۆرجار پێناسە دەکرێت وەک ئەوەی پێکهاتەیەک بن، کە مرۆڤەکان زانیارییەکانیان ڕێکبخەن و کۆبکەنەوە تێیدا، کە ئەو زانیارییانە دەبێتە هۆی ناسینەوەی مرۆڤەکان، کە ئەمەش لە ئەنجامی بە جەستەکردن و کاریگەریی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژینگەییەی تێیدا دەژی، دروست دەبێت، کە هەموو ئەمانە پێش دەربڕین دروست دەبێت)) (حسین،٢٠٢٣، ٢٩).

وێنەکان لە ئەفسانە جیهانییەکاندا، هەتا ئەفسانەی کوردیش وێنەی سەیرو سەمەرەن وا لە مرۆڤ دەکات بکەوێتە گومان و تێرامان، ئینجا ئەگەر وێنەکە زارەکی بێت یاخود ڕاستەوخۆ واقیعی کێشرابێت، بۆنموونە وێنەی شاماران، کە نیوەی سەرەوەی ئافرەتێکی جوانە نیوەکەی دیکەی مار هەروەها لە ئەفسانەکانی دیکەدا نموونەی زۆرمان بەرچاو یان بەرگوێمان دەکەوێت، کە نیوەی سەرەوەی مرۆڤێکە نیوەکەی دیکەی ئەسپێکە، هەموو ئەم وێنانە لە ئەفسانەکاندا جێگەی پرسیار و تێرامانی مرۆڤ بووە، ((هەروەها ئایینە سەرەتاییەکان وێنەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی خۆیان لە دڵی باوەڕدارانەدا جێگیر بکەن و هەرکەسێک ئەمڕۆ ئەو شوێنەوارانە ببینێت، کە شارستانییەتە کۆنەکان بەجێیان هێشتووە، بەتایبەتی لە دۆڵی نیل و میزۆپۆتامیا، بۆی دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەو شوێنەوارانە وێنە و پەیکەری ئایینین، جا چ ئەوان فیرعەونی، ئاشووری، بابلی، یان ئایینەکانی ترن کە لە ژێر ئەو شارستانیەتانەدا سەریان هەڵداوە، یان ئەو شارستانییەتانە لە ژێر دەستی ئەواندا سەریان هەڵداوە. لە ڕاستیدا هەندێک لە ئایینە ئاسمانییەکان ئەو وێنەیەشیان بەکارهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕ لە دڵی شوێنکەوتووانی خۆیاندا و ڕەنگە ئایینی مەسیحی یەکێک بووبێت لەو ئاینە ئاسمانیانەی، کە زۆرترین وێنەی هونەری بەکارهێناوە)) ( شاهین، ٢٠٠١، online) ئەگەر سەرنجبدەین هەموو ئەو وێنانەی کێشراون، بوونەتە سەرچاوەیەکی بە هێز بۆ پێکهێنانی ئەفسانە.

((ئێمە لە ڕێگەی ئەفسانەوە دەتوانین پێشکەوتنەکانی ئەندێشە و بیری مرۆڤایەتی ببینین، چونکە خەیاڵ هونەری بەشێوەیەکی گشتی وەکو هونەر پەیوەندییەکی فراوانی بە ئەفسانەوە هەیە، هەر یەکە لەو ئەفسانانە هی نەتەوەیەکن و بەگشتی هەنگاوەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیشاندەدەن. هەروەها هەم شیعر و هەم لە ئەفسانەدا خەیاڵ ڕەگەزی باڵا و زاڵە، هەر بۆیە پێکەوە دەگونجێن و شاعیران دەست بۆ چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەبەن و لە چوارچێوەی ڕمزدا وێنەی هونەرییان لێ دروستدەکەن)) (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ١١٨).

ئەفسانە پەیوەستە بە بیری وئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە، کاتێک مرۆڤ بیر دەکاتەوە لە بابەتە گوماناوییەکان وێنە لە مێشکی خۆیدا دروستدەکات، کە ئەو جۆرە وێنانەش وێنەی ئاسایی نین، بەڵکو وێنەیەکی ئاڵۆز و سەیر دروستدەکەن، هەر بۆیە دەبینین وێنەی ئەفسانەی دێتە ئاراوە بە هەمان شێوەش شاعیر کاتێک دەستدەکات بە نووسینی شیعر خەیاڵ و ئەنێشەی دەخاتەگەر ،بۆیە دیسان دەبینین هەوڵی دروستکردنی وێنەیەک دەدات.

((لەلای شاعیران بەکارهێنانی ئەفسانە ئامانج نییە، بەڵکو ڕەمزی لێوەر دەگرێ و بیری شیعری خۆیی پێدەگەیەنێت بە خوێنەرەکانی، هەروەها تیۆرییە ڕەمزییەکەی ئەفسانە بەربڵاوە، لە سەدەی بیستەمدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئەفسانە لە کرۆکی خۆیدا لەگەڵ داهێنانی شیعری وەک یەکن. هەروەها (پۆتێبنیا) باوەڕی بەوە هەبوو، کە هەموو وێنەیەکی ڕەمزی خواستنە، لە جەوهەردا وشەکە لە بیرکردنەوەیەکی خوازەییەوە داتاشراوە و ئەفسانەیەک دروستدەکات، کە لە ئایندا گەشە دەکات، بەم شێوەیە خۆی لە کۆنەوە بە ئێمە دەبەستێتەوە)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١٩). وێنەی ئەفسانەی، لە پێناوی گەیاندنی چیرۆکەکە یان گێڕانەوەکەدا ئەنجام دەدرێت، لە هەمانکاتدا ئیستاتیکاو چێژێکی تایبەت دەبەخشێت بە گێڕانەوەکە، چونکە بوونی وێنە باباتەکە زیاتر ڕەنگاو ڕەنگ دەکات، نەبوونی وێنە لە هەر بابەتێکی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تەکنیکی هونەری ئاستی گەیاندن.

## تەوەرەی سێیەم: گوتاری دەسەڵات و هێزی جەستەی ژن

جەستەی ژن بابەتێکی جیهانیە، چ لە ڕووی بایەلۆجی بێت یان پێکهاتەی سروشتی جەستەییەوە بێت، کە هەر ئەندامێکی جەستە ئاماژەیەکی گرنگە، جەستە بەگشتی هەر ئەندامێکی کارێکی پێسپێدراوە، بۆ نموونە چاو کە بەشێکی گرنگی جەستەیە ئەرکی بینینە هەریەک لە ئەندامەکان ئەرکی خۆیان هەیە، بەڵام جیاوازی هەبێت لە نێوان جەستەی نێر و مێ لە ڕووی ئەرکیشەوە، بۆ نموونە سنگی ژن شیری تێدایە، ئەرکی خۆراک پێدانە بەس لەپیاودا سنگ ئەم ئەرکە نابینێت، کە هەر بەشێکە لە جەستەی هەردوو ڕەگەزەکە.

لە ڕاستیدا جەستە بەتایبەتی جەستەی ژن لە سەردەمێک هیچ ڕۆڵ و گرنگی نەبووە لە ((سەردەمی یۆنان، یان سەردەمی بت پەرستی و پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و تەنانەت دواتریش بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەکان و ئەمیر و دەسەڵاتدارەکاندا وەکو سەردەمی خەلیفەکانی عوسمانی دەوڵەتی عوسمانی بەناوی ئایینەوە چەندین ئافرەتی وەکو خزمەتکار یان جاریە هەبووە بێجگەلەو ئافرەتەی کە ژنی خەلیفە بوون پێشوومار لەناوکۆشک و سەراکانیاندا سووڕاونەتەوە، وەکو داب و نەریتی تایبەتی ئەمیر و خەلیفەکان بەنەنگی و لەکەدار بوون لەقەڵەم نەدراوە و زۆر دیاردەیەکی ئاسایی بووە، بێگومان لێرەدا جەستە ئەوپەڕی بێ نرخ و لە ئاستێکی زۆر نزمدا سەیرکراوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو مرۆڤ ئافرەت بەتایبەت هەموو مافێکی مرۆڤانەی لێسەندراوەتەوە)) (حەمە بچکۆل، ٢٠١٩، ٧).

جەستەی ژن، لە زۆربەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، بە خراپترین شێوە مامەڵەی پێوەکراوە وەک کاڵایەک ڕوانیویانەتە جەستەی ژن، هەربۆیە زۆرێک لە فەیلەسوفەکان گرنگیان بە مرۆڤبوون داوە وەک مرۆڤ دۆستێک هەمیشە دژی چەوساندنەوەی و جەستەی مرۆڤ بوون، بۆ نموونە جان جاک ڕۆسۆ دەڵێت: ((پەروەردەی جەستە و هەستەوەر هێز و ئەندامەکانی لەشی منداڵ بکەو واز لەگیانی ڕۆحی بهێنە، با بۆخۆی زۆرترین کات، بحەسێتەوە)) ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨).

لە ڕوانگەی وتەکەی ڕۆسۆ تێدەگەین، کە چەندە گرنگی بە پەروەردەکردنی جەستەداوە، چونکە جەستەیەکی ئارام عەقڵێکی تەندروست و ئارام بەرهەم دێنێت دوور لە هەر کێشەیەکی دەروونی، ئینجا ئەگەر بێت و ئەمە ئارامی جەستەییە لە منداڵییەوە لە گەڵماندا پەروەردەبێت تاکێکی پڕ هێز بەرهەم دێنین. بەتایبەت لەگەڵ جەستەی ژنەکاندا.

((جەستە و دەروون هەردووکیان هاوسەنگی باری مرۆڤ دەپارێزن. بەجۆرێک جەستە کەرەستەی دەروونە و دەروونیش کەرەستەی جەستەیە. ئێمە ئەوە دەزانین لە بارێکدا جەستە فەرمانەکانی دەروون جێبەجێ دەکات، وەک ئەنجامدانی تاوان. کە دەبێت سایکۆلۆجیای

تاوانبار تەواو ئامادەکاری کردبێت و فرمان بدات ئەوکاتە جەستە ئەو کەسە دەکەوێتە ناوئەو جووڵانەی کە دەروونی دەیەوێت. لە بارێکی تردا دەروون فەرمانەکانی جەستە جێبەجێ دەکات)) (عەبدوڵلا،٢٠١١، ٢١). لێرەدا دەبینین، کە جەستە و دەروون پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، چونکە کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردەیەکی دەروونی دەبێتەوە، هەر بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەست بە بارە دەروونییە نا ئاسایی دەکەن. ئەمەش لە ڕێگەی کردەی جەستەییەوە دێت واتا ڕەفتارێکی جەستەی دەبینین، بەبێ ئەوەی قسەبکات.

((جەستەی ئافرەت کەوتۆتە ناو سیستمێکی جەبرگەرایی، بست بە بستی جەستەی ژن، ژنی جەستە، ژن وەک جەستە، بە چەندین نۆرم ڕێگاو حەرام و حەڵاڵ، یاسا، گرەو، ستراتیژ، جائیز، مەکروە، موباح، ڕێکخراوە،... لە کۆمەڵگای کوردستانیش پێش لەدایک بوونی هەر ژنێک، ئاین جیهانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئامادە کردووە... دۆخێکی ئاوادا جەستەی نۆرمالیزە کراوی ژن دەبێت بەجێگەی شانازی ئەوانیتر، ئەم جەستەیە ئیتر بەتەنها ژنێکی تیادا ناژی، بەڵکو شەرەفی کۆمەڵگەیەکیشی تیادا دەژی)) (حەمە بچکۆل، ٢٠١٩، ٩-١٠ ). لە هەر ڕوانگەیەکەوە یان هەر بوارێک بگریت بە شێوازێک باسی جەستەی ژن دەکات و لێکدانەوەی بۆ دەکات، بۆ نموونە لە بواری کۆمەڵایەتیەوە باس لە ژن بکرێت. زیاتر بە کولتوورەوە دەیبەستێتەوە، ئەگەر سەرنجبدەین لە ئاینەکاندا، باس لەوە نەکراوە جەستەی ژن یان پیاو بەچەوسێتەوە بگرە ڕێگە پێدراویش نییە.

((ئەگەر پێناسەیەك بۆ کردەی توندوتیژی جەستەی دژی ئافرەت بکەین، دەکرێت بڵێین ڕەفتارێکی توندوتیژ کارانەیە، کە دژ بە مرۆڤ مێ دەکرێ و دەبێتە هۆی ئازار و زیان گەیاندن بە لەش و جەستەی یان بە هۆش و دەروون)) (ئەبوبەکر، ٢٠٢١، online ) دیسان دەبینین، ئازاردانی جەستەیی چی کارەساتێکی گەورەی بە دوای خویدا دروست دەکات. وەک لەدەستدانی هۆش و عەقڵ، کە یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکانی جەستە، ئەمەش تەنها یان بڵێن زیاتر ڕووبەڕووی جەستەی ژنان دەبنەوە دەکەونە ئازاردانیان و دەرئەنجام تاکێکی ناتەندروست دەخەینە نێو کۆمەڵگاوە.

((گرنگی مرۆڤ بە پێی تێڕوانینی- بوونەگەرایی- وجودیەت- لەڕێگای جەستەوە دیاریدەکرێت و جەستەی مرۆڤ دەکرێت بە پێوەر و بنەما، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەباشیی بناسین، جەستە بەشداری ڕاستەوخۆی دەکات، یان هۆکارێکی سەرەکی کاری پەیوەندیکردنە، هەر پەیوەندییەکی نوسین، قسەکردن، ئاماژەکانی جەستە وەکو جووڵە، کە بەشدارە لە کاری پەیوەندییەکەدا، بەبێ بوونی جەستە پەیوەندیکردن هیچ نرخێکی نابێت، ئەوەی لە تێڕوانینی بوونگەراییدا دەربارەی جەستە بەوردی سنورو ڕۆڵی دیاری دەکرێت)) (حەمە بچکۆل،٢٠١٩، ٣٥). کەواتە لای بوونەگەراییەکان جەستەی مرۆڤ کۆمەڵێک ئاماژە و ڕەفتاری تێدایە، کە مرۆڤی باش و خراپی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەجگە لەوەی، کە مرۆڤ لە ڕێگای جووڵەی جەستەییەوە دەکرێت بزاندرێت لە چی بارو دۆخێکدایە وەک شلەژانی دەبینین مرۆڤ جەستەی دەکەوێتە لەرزین لەکاتی قسەکردندا هەموو هەست بەو حاڵەتە نا ئاساییە دەکەین، کە جەستە نیشانمانی دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم گوتارانەی سەبارەت بە جەستە بوون، هەر لە گوتاری ڕۆژانە تادەگاتە بواری کۆمەڵایەتی و ئاین و فەلسەفی و ئەفسانە هەتا دوای، گرنگیان بە جەستە کردەی جەستەداوە. بە تایبەت مامەڵە کردن لەگەڵ جەستەی ژن، کە دەکرێت ئەفسانەیەک بخوڵقێنت یان تراژیدیایەک.

## بەشی دووەم: وێنە و جەستە و دەسەڵاتی ژن لە ئەفسانەکەدا

### تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لە دەقی ئەفسانەی شاماران

شاماران، ئەفسانەیەکی کۆنی کوردییە، کە بە خواوەندی مێینە ناسراوە. لە باکووری کوردستاندا زۆر بەربڵاوە هەتا ئەگەر گوزەرێک بکەی بە ماڵەکانیاندا بەتایبەت ماڵە دێرینەکان وێنەیەکی شاماران لەسەر دۆڵابەکانیان یان پەردە و سەرینەکانیان یاخود تابلۆی سەر دیوارەکانیان دەبیندرێت.

ئەفسانەکە، باس لە بەسەرهاتێکی ژنێک و کوڕێکی لاو قۆز دەکات، کوڕەکە ناوی (تاماسپ)ە لە خێزانێکی هەژارە لەگەڵ دایکی دەژیت باوکی مردوە، هەرچەندە باوکی کەسێکی ژیر و خوێندەوارە خاوەنی کتێبێکە، کە باسی ژیانی مارەکانی ژێر زەوی دەکات، بەڵام تاماسپ خوێندن تەواو ناکات، بۆ بژێوی ژیانی خۆی هەموو ڕۆژێک دەڕوات بۆ دەشت و شاخ، بۆ کۆکردنەوەی چیلکە و دار بۆ ئەوەی بیبات لە بازاڕ بیفرۆشێت و بژێوی ژیانیان پەیدا بکات. ڕۆژێک ماندوو دەبێت دەیەوێت پشوو بدات لەو کاتەدا چاوی بە بیرە ئاوێک دەکەوێت ئەویش لای سەیر دەبێت لەم چۆڵەوانییە ئاو دەبینیت کاتێک نیزیک دەبێتەوە دەبینێت ئەوە ئاو نییە، شتێکی شلە و ڕەنگی سوورە، بۆیە بە پەنجە لێی دەخوات دەبینێت هەنگوینە، هەر بۆیە زۆر دڵخۆش دەبێت و دەڕوات هاوڕێکەی ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەئ ئەویش سوودمەند بێت لە فرۆشتنی ئەم هەنگوینە لە بازاڕدا.

ڕۆژێک دەبینین هەنگوینەکە بەرەو کۆتاییە بۆیە دەبێت کێکیان بچنە خوارەوە بۆژێر بیرەکە و ئەو مەشکەییەی هێناویانە پڕبکەن، بۆیە تاماسپ بە گوریسەکە دەچێتە خوارەوە بۆ ئەوەی مەشکەکە پڕبکات لە هەنگوێن کاتێک پڕی دەکات. هاوڕێکەی بەر لەوەی تاماس بێتە سەرەوە مەشکەکە هەڵدەکێشێت و گوریسەکە بەردەداتە خوارەو تاماسپ لە ناو بیرەکەدا دەمێنێتەوە.

لەو کاتەدا تاماسپ ڕووناکییەکی بەقەد سەری دەرزی لە ژێر بیرەکەدا بینی. تاماسپ کەوتە گەورەکردنی ئەم ڕووناکییە کاتێک گەورەی کرد. باخچەیەکی ڕازاوەی بینی کە چووە باخچەکەوە بینی چەند مارێک بەرەو ڕووی دێن، بۆیە زۆر ترسا مارەکان پێیان وت دوامان کەوە بۆ لای شاماران، کاتێک چوو بۆلای شاماران بینی شاماران بەشی سەرەوەی ئافرەتێکی شۆخ و شەنگە و بەشی خاوەرەوەی مارێک، شاماران پێی وت، کە نەترسێت ئەو تاماسپ دەناسێت، کە کوڕی زریالە ئەو پیاوەی لە کتێبەکەیدا باس لە پێکەوە ژیانی مار و مرۆڤ دەکات.

دوای مانەوەی بۆماوەییەک لە لای شاماران تاماسپ بەهۆی جوانی شاماران و هۆگربوونی داوای هاوسەرگیری لێ دەکات، بەڵام شاماران چەند مەرجێکی بۆ دادەنایت یەکێک لەمەرجەکان، کە هەرگیز نابێت تاماسپ بگەڕێتەوە سەر زەوی، کە دوای ڕازی بوونی شاماران ژیانێکی هاوبەشی پێک دەهێنن دوای ماوەیەکی زۆر تاماسپ بیری ژیانی سەر زەوی و دایکی دەکات. دوا لە شاماران دەکات بگەڕێتەوە، شاماران ڕازی دەبێت بە گەڕانەوەی، بەڵام پێی دەڵێت نابێت هەرگیز ئەم نهێنییە بدرکێنێت ئەویش ڕازی دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی، بەڵام کاتێک پاشا نەخۆش دەکەوێت حەکیمەکان دەڵێن، بەگۆشتی شاماران چاک دەبێتەوە، بۆیە دەکەونە گەڕان بەدوای شوێنی شاماران، دەست و پێوەرەکانی پاشا دێن هەموو کەسێک لە حەوزە ئاوێک هەڵدەکێشن، چونکە ئەگەر کەسێک شوێنی شاماران بزانێت پێستی پەلک یان ڕوونتر وەک پێستی ماری لێدێت بە ئاو تەنها کەس، کە دەمێنێت کوڕی ئەم پیرێژنەکەیە واتا تاماسپ، بۆیە بە زۆر دەیبەن لەو ئاوەی هەڵدەکێشن و دەبینن پێستی وەکو هی ماری لێ دێت دەیبەن و زیندانی دەکەن زۆر ئەشکەنجەی دەدەن تاوەکو شوێنی شاماران ئاشکرا بکات، بەڵام ئەم لەبەر وەفای شاماران نایەوێت شوێنەکە ئاشکرابکات. کاتێک تا لێواری مەرگی دەبەن بە ناچاری شوێنی شاماران ئاشکرا دەکات.

شاماران شوێنەکەی دەدۆزرێتەوە و دەیبەن بۆ پاشا بە مەبەستی کوشتنی و بۆ ئەوەی پاشا لە نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە، کاتێک شاماران دەزانێت ئیتر دەمرێت پیلانێک دادەنێت و دەڵێت ئەوەی کلکم بخوات هەموو نهێنیەک و زانیارییەک دەزانێت. ئەوەی لە لەشم بخوات چاک دەبێتەوە لە نەخۆشی. ئەوەی سەرم بخوات دەمرێت، بۆ ئەوەی چاکەکەیەک پێشکەش بە خۆشەویستەکەی بکات، چونکە کاتێک دەمرێت وەزیرە پیاوخراپەکە لە کلکی دەخوات، تاماسپیش، کە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەکەی دەخوات، بەڵام تاماسپ هەموو زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەکیم. پاشاش بۆ چاکبوونەوە لە لەشەکەی دەخوات. پیلانەکەی شاماران کار دەکات و دەستبەجێ وەزیرە پیاوخراپەکە دەمرێت، پاشا چاک دەبێتەوە.

## تەوەرەی دووەم: وێنەی ئەفسانەیی جەستەی ژن لە ئەفسانەکەدا.

وێنە و جەستەی ژن، کەرەستەیەکی گرنگ و سەرەکی ئەفسانەکەیە. لە ڕاستیدا ژن هەر لە ئەفسانەوە تا دەگاتە زانستەکانی دیکە ڕۆڵێکی یەکجار زۆری هەبووە، هەرچەندە ئەفسانەکە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر گێردراوەتەوە، چونکە ئەفسانەکە بەربڵاوە، هەوڵماندا‌وە سوود لە دوو شێوەی گێڕانەوە وەربگرین. سەرەتا ئێمە دەمانەوێت بەو پرسیارە دەست پێبکەین بۆ جەستەی ژن بە مارێکەوە نووساوە دەکرا ئاژەڵێکی دیکە بێت بۆ مار ئایە مار واتایەکی هەیە؟ دەکرێت مار ڕەمزێک بێت، بۆنموونە ئەگەر سەرنج لەم پەڕەگرافە بدەین ((جاماسپ بەمە سەرسامتر بوو، چونکە ئەو مارەی لەسەر تەختەکە بوو، لە هەموو مارەکانی تر جیاوازتر بوو، سەرێکی جوانی مرۆڤانەی هەبوو، لە شی، لەشیی ماران بوو و سەریشی هی مرۆڤان بوو، سەری کچێکی شۆخ... ئەو شابانووی ماران (شاماران) بووا)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٩).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین وێنەی ژن و مارێکمان نیشان دەدات، بە جۆرێک هەستێکی سەیر یان با بڵێین نامۆ لامان دروستدەبێت وێنەیەکی دروستکردوە ژن و جوانییەکەی تێکەڵ بە ئاژەڵێک کردووە، هۆکاری لکاندنی جەستەی ژنێک بە جەستەی مارێکەوە هەروا بە ئاسانی نە هاتووە، ئەگەر ئێمە بە لێکدانەوەیەکی فکری و فەلسەفی بۆ بکەین، دەبینین مار ڕەمزی حەکیم و دەرمانە لە هەموو جیهاندا، کە خودی مار هێمایە بۆ پزیشکەکان لە هەمانکاتدا دەبینین کاتێک مار کاژ فڕێدەدات بە واتای نوێ بوونەوەی ژیا و لەدایک بوونەوە دێت، کە ئەمەش ڕەمزێکە، کە ڕەمزیش هۆکارە بۆ دروستکردنی وێنە، چونکە ژن دایکە، کە و بەواتای خاک دێت. لە هەمان کاتدا دەبینین جەستەی مار لە ئەرزدایە، واتا لەگەڵ زەویدا دەخشێت بەو واتایەی، کە خودا هەموو نهێنیەکانی لە زەویدایە، کە ماریش نزیکترین ئاژەڵە لە زەوی. کاتێکیش جەستەی ژن بە مارێکەوە گرێدراوە، بەواتای زانینی نهێنییە **شاراوەکانە**. لە ڕێگەی ئەو وێنە ئەفسانەیییەی نووسەر دروستی کردوە بیر و ئەندێشەی ژنمان بۆ دەرکەوت، چونکە وێنە هەم خەیاڵ هەم واقیح هەیە. کاتێک باس لە سەری کچێکی شۆخ دەکات لە لای خوێنەر هەریەکێکیان وێنەیەک لە ئایدیاماندا دروستدەبێت، کە هەر وێنەیەک لە وی دیکە دەکرێت جیاواز بێت. مار لە نێو زۆربەی نەتەوە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی موقەدەس یان پیرۆز سەیرکراوە یان وەکو خواوەند تەماشاکراوە بۆیەش لە زۆربەی کولتوورەکان مار نا کوژن ئەگەر سەرنج بدەین لە کولتووری کوردیشدا ماری ڕەش ناکوژرێت بە بڕوای ئەوەی کە هیچ زیانێکی بۆ مرۆڤایەتی نیە، بەڵام لە نێو هەندێک نەتەوەشدا مار بۆتە ڕەمزی خراپەو کارەسات، بەڵام ئەم وێنەییەی لەم ئەفسانەیەدا، کە دروستکراوە مار و ژن ئاماژەیەکی باش و حەکیمی و داناییین.

لە پەڕەگرافێکی دیکەدا، باس لە ڕۆڵ و گرنگی وێنە و جەستەی ژن دەکات، بۆنموونە ((بۆیە شاماران لە کۆشکی پاشادا ڕایدەگەیەنێت هەرکەس کلکم بخوات ئەوا هەموو نهێنی و زانایییەک وەردەگرێت و ئەوەی کە لەشم بخوات چاکدەبێتەوە و ئەوەی سەرم بخوات دەستبەجێ دەمرێت، ئەمجا دوای ئەوەی کە وەزیر ئەوەی گوێ لیدەبێت، شاماران دەکاتە سێ بەشەوە و فەرمان دەدات کە ئەو سێ بەشە بکوڵێنرێت. کاتێک کە گۆشتەکە دەکوڵێت، وەزیرە پیاوخراپەکە لە کلکی دەخوات، تامەسپیش کە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەکەی دەخوات و پاتشاش بۆ چاکبوونەوە لە لەشەکەی دەخوات. پیلانەکەی شاماران کار دەکات و دەستبەجێ وەزیرە پیاوخراپەکە دەمرێت، پاتشا چاکدەبێتەوە و تامەسپ هەموو زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەکیم، ئەو حەکیمەی کە گیا و درەختەکان گۆرانی بۆ دەڵێن و نهێنیە پزیشکیەکانی خۆیانی بۆ دەخەنەڕوو)) (حەمەڕەش، ٢٠١٧، online)

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین جەستەی ژن کلکێکی پێوە لکاوە وێنەیەکی تەواو ئەفسانەی دروستکردووە، چونکە تەنها لە فلیمە ئەفسانەیەکان ئەمەمان بینیوە، کە جەستەی مرۆڤ بە ئەسپێک یان مار یان ئەژەڵێکی دیکە نووساوە، کە لە حەقیقەتدا بوونی نییە، هەرچەندە وێنەکە لە زۆربەی شوێنە کوردییەکاندا وەک لە چێشتاخانە کوردییەکان یان لە ماڵە دێرینەکان و پێشانگای وێنەیدا بوونی هەیە و دەبیندرێت.

جەستەی ژن لە ئەفسانەکەدا ئەوەندە گرنگە لە دوای مردنیشی دەبێتە مایەی بەخشینی سوود بۆ هەموو لایەک و بۆ زۆر بواری جیاواز بەتایبەتی وەک چارەسەری نەخۆشی بۆتە ڕەمزی شیفا، هەرچەندە لە نێو کۆمەڵگای عەرەبیشدا هەندێک بۆچوونی سەیرو سەمەرە توکو ئێستا ماون، کە بڕوایان وایە هەندێک گۆشتی ئاژەڵ شیفایە، بۆ هەنێک لە جۆری نەخۆشی جۆراوجۆر وەک حوشتر یەکێکە لەو ئاژەڵانەی، کە دەوترێت گۆشتەکەی شیفایە بۆ نەزۆکی لە ژناندا، بەڵام لێرەدا جەستەو گۆشتی ژنێک، بۆتە هۆکارێک بۆ نەخۆشی و چاکبوونەوە، ئەگەر سەرنج بدەین لە ئەفسانەکە، بۆنموونە کاتێک دەبینین شاماران دەکوژن دەیکەن بە چەند بەشێکەوە، کە هەر بەشەی سوودێکی هەیە. کاتێک لەشی دەکوڵێنن پاشا دەیخوات و لە نەخۆشیەکەی چاک دەبێتەوە. لێرەدا دەبینن ژن بۆتە ڕەمزی شیفا، کە خودی ڕەمز وێنەیە، کەواتە لە کۆمەڵگای کوردی دێرینددا دەبینین ژن ئەو هێزەی هەبووە، کە وەک خواوەندێک ڕۆڵی گێڕاوە وەک پزیشک و فریاد ڕەسێک بۆ نەتەوەیەک، بۆیە تاوەکو ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکان کوردستان، بەتایبەت لە باکووری کوردستان وێنەی شاماران لە ژووری بووک و زاوا دادەنرێت، بە مەبەستی هێنانی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی و خێرو بەرەکەت و دوور لە دەردوبەڵا .

کەواتە دەبینین ژن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە کولتووری کۆمەڵگای کوردیدا و خاوەنی زۆر شت بووە، کە بۆتە جێگەی سەرنج و تێڕوانینی زۆربەی نووسەرانی بواری ئەدەب، بەتایبەت ئەفسانە، چونکە لە زۆربەی ئەفسانەکاندا ژن سنبوولی ئازادی و خۆشگوزەرانی بووە، کەواتە ئەم وێنەی ئەفسانەییە بوو بە نەخشەسازی جیهانی ژن، ئەگەر بچینە سەر یەکێک لە بەشەکانی جەستەی شاماران، بۆ نموونە کلکی دیسان دەبینین وێنەیەکی ئەفسانەی و خەیاڵی خستۆتە بەر دیدەی خوێنەرانی بە جۆرێک مرۆڤ دەخاتە تێڕامانەوە چۆن مرۆڤ دەکرێت کلکی هەبێت، چونکە وێنەکە وێنەیەکی ئاسایی نییە، کە دەبینین زۆرجار خوێنەر توشی حاڵەتێکی شلەژانی دەروونی و ڕاچڵکین دەبێتەوە بە هۆی وێنەکەوە بەتایبەت ئەو کلکەی، کە لە ئەفسانەکەدا هاتووە دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤێک، هەموو ئەم وێنە ئەفسانەییانەی لە ئەفسانەکەدا کەوتنە بەردیدەمان نیشاندانی مێژوو و کولتووری میللەتی کوردین، کە سەروەتێکی نەتەوایەتی ئێمەن، تەنانەت ئەم وێنە ئەفسانەییەش بۆتە ڕەمز و شووناسی میللەتی کوردی هەرچەندە زۆربەی نەتەوەکانی دیکە چاویان بڕیوەتە ئەم ئەفسانەیە دەیانەوێت بیکەن بە ئەفسانەیەی خۆیان وەک تورک بە بەڵگەی ئەوەی ئەفسانەکەی کردوە بەفلیم بە زمانی تورکی و تێکەڵ بە کوولتووری خۆی کردوە لە کاتێکدا پەیکەری ئەم ئەفسانەیە لە تاسیوس سەر بە پارێزگای مارسین دروستکراوە.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەبینین وێنەیەکی تری ئەفسانەی دروستکردوە ((شاماران شەوانە لە شاری ماران، کە لە ژێر زەویدایە، بۆ سەر زەوی سەر دەکەوێت و هاوکاری خەڵکی بەلنگاز و هەژاران دەکات.)) (یوسف، ٢٠٢١، ١٣) ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین وێنەیەکی تەواو ئەفسانەیی و خەیاڵی دروستکروە بە جۆرێک مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە ئەم زەوییەی لەسەری دەژیت ئایە ژیانێکی دیکە و بوونەوەرێکی دیکە هەیە و تێیدا بژین؟ مرۆڤ دەکەوێتە پرسیار سەرسوڕمانەوە چۆن دەبێت شارێکی دیکە هەبێت لە ژێر زەویی و ئەویش شاری ماران بێت وێنەیەکە، کە هەمووومان دەخاتە ژێر تێڕامانێکی بە گومانەوە،کە دەتوانین بڵێن مارەکان هاوشێوەی مرۆڤەکان شاریان هەیە. ئەم وێنەیەیی دروستیکردوە پرە لە خۆرافات واتا ترس بەجۆرێک مرۆڤ سترێس دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی دروستکردنی ئەو وێنە ئەفسانەییە، چونکە هەر کە ناوی شار دێت بەواتای شارستانیەت و بیناسازی و جوانی، بەڵام لێرەدا شارێکی ترسناک دەخاتە بەر دیدەمان هەرچەند مرۆڤ بیر بکاتەوە هەر توشی شۆک دەبێت بە بینینی شارێکی ئاوا بۆیە وێنەکە تەواو ئەفسانەییە و خوێنەر دەخاتە تێڕامانەوە.

## تەوەرەی سێیەم: دەسەڵات و هێزی ژن لە ئەفسانەکەدا

ئەفسانەی شاماران، یەکێکە لەو ئەفسانانەی، کە هێز و دەسەڵاتی ژن وەک خواوەندێک نیشان دەدات. پێمان دەڵێت، کە ژن پێش پەیدابوونی ئاین بڕیاردەر بووە، خاوەن توانا کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش بووە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ئەفسانەکە دەبینین، شاماران بڕیاردەر بووە، پرس و ڕاوێژی پێکراوە، بۆ نموونە ((فەرماندەری ڕێزدار، ئەگەر دەستوور بدەن، دەچین ئەو مرۆڤە بێ ڕێزە دەگرین و سەری پەل دەدەین. ئەوان چاویان لە دەوڵەمەندی ئێمەیە، مرۆڤ دەیەوێت تاڵانمان بکەن. هیچ شتێک ناتوانێت لەبەر هێرش و ئارەزووی ئەوان خۆی ڕابگرێت. هەرگیز چاویان تێر نابێت، شیری خاویان خواردۆتەوە، زۆر چاوبرسین، جێی باوەڕ نین.)) (یوسف، ٢٠٢١، ٥٦-٥٧)

لێرەدا دەبینن، کاتێک تاماسپ دەگاتە نێو مارەکان وەزیر خۆی ناتوانێت بیکوژێت، بەڵکو چاوەڕێی خاتوونە یان بڵێن شامارانە بڕیار لە کوشتنی تاماسپ بدات، واتا پرسیار و ڕاوێژی پێدەکات، کە دەرخەری ئەوەیە ژن خاوەن دەسەڵاتێکی تەواو بووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین شاماران بڕیاری کوشتنی نادات ناتوانن مەرگی بستێنن، چونکە باوەڕی بە دیالۆگ و یەکڕیزی دەیەوێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە حوکم بدات، ئەمە خۆی لە خۆیدا هێز یەکسانی و دەسەڵاتی ژن دەردەخات. لەم قۆناغ و سەردەمەدا دەبینین ژن چەندە بەهێز بووە، بە بەراوورد بە ئێستا ئەمەش هەمووومان دەخاتە تێڕامان و سەرسوڕمانەوە بۆ ژن وەک خواوەند و بڕیاردەر بووە؟ یاخود بابێت پرسیاری ئەوە بکەین ئەی چی وایکردووە ژن لە ئێستادا ئاڕاستەیەکی دیکە وەربگرێت، کە دەسەڵاتی پیاو سالاری زاڵتر بێت؟ ئەمانەش دیسان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە هەیە. بە شێوەیەکی گشتی لێرەدا بینیمان هێز و دەسەڵاتی ژن باڵایە.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەبینین ژن لەسەر تەختەی بەڕێوەبردن دانیشتووە ژیانی هەزاران لەبەر دەستی ئەم دایە، بۆ نموونە ((جاماسپ لە دووی مارەکان ڕۆیشت و تا لەبەر دەرگەی کۆشکێک وەستان. مارەکان ڕێیان بۆ میوان کردەوە، تا ئەو پێش ئەوان بچێتە ژوورەوە جاماسپ چووە هەیوانی گەورە و نەخشینی کۆشکەکە. لە دوورەوە نیو مار و مرۆڤێکی دیت، لەسەر تەختێکی زێڕین دانیشتووە، ڕوو بە پێکەنین، چاوەڕێی نزیکبوونەوەی جاماسپی دەکرد.)) ( هەمان سەرچاوەی پێسوو، ٥٩)). دەبینین ژنێک نەک وەک شاژن، بەڵکو وەک

سەرکردەیەک ڕۆڵ دەبینێت و کە لەسەر تەختی زێڕین دانیشتووە لێرەدا ئەمە ئاماژەیەکی گرنگە، بۆ ئەوەی ببینین ژن ڕۆڵی سەرکردەیەکی بینوە سەرکردەش بەواتای حکومکردن بەسەر هەر دوو ڕەگەز و جیهاندا، واتا نێر و مێ و سروشت لە هەمانکاتدا گەورەیی زیرەکی و لێهاتووی ڕۆشنبیری ژن دەردەخات، کەواتە پڕ مەعریفەی و زانست بووە، بۆیە توانی ئەم دەسەڵاتە بەرزە وەربگرێت. هەر ئەم حیکمەت و زانایییەی ئەم ژنە هەی بووە بوو بە هێز و دەسەڵات. هەر لێرەدا دەبینین ئاماژەیە بۆ عەقڵێکی باڵا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ژن بەتایبەتی ژنی کورد خاوەن عەقڵێکی کراوە و هۆشیار و بڕیاردەر بووە، کە پێمان دەڵێت ژن توانای هەیە، حوکمی جیهان بکات.

((تامەسپیش کە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەکەی دەخوات و پاتشاش بۆ چاکبوونەوە لە لەشەکەی دەخوات. پیلانەکەی شاماران کار دەکات و دەستبەجێ وەزیرە پیاوخراپەکە دەمرێت، پاتشا چاکدەبێتەوە و تامەسپ هەموو زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەکیم، ئەو حەکیمەی کە گیا و درەختەکان گۆرانی بۆ دەڵێن و نهێنیە پزیشکیەکانی خۆیانی بۆ دەخەنەڕوو)) ( حەمەڕەش، ٢٠١٧، online ) دیسان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەکە، دەبینین سوودیان لە بەشێکی دیکەی جەستەی ژن وەرگرتووە وەک سەری دەکرێت بپرسین بۆ سەر یان مێشک؟ ئەگەر سەرنجبدەین کاتێک جاماسپ سەری شاماران دەخوات، بەمەبەستی ئەوەی بمرێت، چونکە خۆی بە تاوانبار دەزانێت، کە شوێنی شامارانی ئاشکرا کردووە، بەڵام دەبینین جاماسپ دەبێتە زانا و دانا سەرچاوەی زانینی هەموو نهێنیەکان. لێرەدا ئاماژەیەک هەیە بۆ دانای و لێهاتووی ژن، چونکە ئەگەر مێشکی ژن ئەوەندە گرنگ نەبوایە هەرگیز ئەو داناییەی نە دەبەخشیی بە پیاو، ئەگەر بە تێڕوانینێکی فکری بڕوانینە ئەم بابەتە دەکرێت بەشێک لەو داناییەی پیاوان لەوە سەرچاوەی گرتبێت، ، هەرچەندە ژیری و دانایی بابەتێکی سەرەکییە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. دیسان دەبینین دەسەڵاتی بەشێک لە ئەندامانی جەستەی ژن دەسەڵاتێکی گرنگ و باڵای نیشانداین، کە مێشکی شامارانە.

لە پەرەگرافیکی دیکەدا دەبینین ژن لەگەڵ ئەوەی بڕیاردەرە و خاوەن دەسەڵاتە. بەڵام پرس و ڕاوێژ دەکات، واتا بڕوای بە دیالۆگ هەیە، کە دیالۆگ سەرچاوەی دروستکردنی عەقڵێکی تەندروستە، بونموونە ((ڕۆژێک وەزیر و ئەنجوومەنی شاماران لە دیواندا دانیشتبوون بێدەنگییەک باڵی بەسەر ئەنجوومەندا کێشابوو. دەنگی شاماران بێدەنگییەکەی بری ووتی: ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێز! وەک بیستوتانە من دەمەوێ لەگەڵ جاماسپی مرۆڤ، هاوژینی بکەم! دەزانم ئەمە شتێکی وا ئاسان نییە، لەدەرەوەی دابونەریتی ئێمەیە، بەڵام دڵی من کەسی تری ناوێت! ئەگەر تائێستا باوەڕتان بە من هێناوە، دەبێ متمانەشم پێ بکەن، کە ڕاستی دەڵێم)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦١). لێرەدا دەبینین وێنەیەکی سیستەمی حوکمڕانی ژن نیشان دەدات، کە ئەم حوکمەش لەسەر ئەساسی پرس و ڕاوێژ و دایالۆگ بەڕێوە دەچێت. بەشێوەیەک عەقڵ سەرچاوەی بڕیاردانە، چونکە ژن لەم قوناغەشدا بە ئاگا بووە لە گرنگیدان بە دایالۆگ و مەدەنییەت، کە لە ئەنجامی دیالۆگ عەقڵ پێش دەکەوێت و کۆمەڵگاش تەندروستدەبێت هەر بۆیەش. بەشێوەیەک پڕ لە ڕاستی و دادپەروەرانە، بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە و دادپەروەرانە فەرهەم بکات، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و هەموو بوونەوەرێک ڕێگای دالۆگی لەگەڵ وەزیرەکان گرتەبەر و کاتی پێدان ڕاوێژبکەن و بڕیاری گشتی لەسەر ئەم هاوسەرگیریە بدەن، چونکە درکی بە گرنگی ڕاوێژکردن کردووە، بۆ هەر کاروبارێک ،کە مرۆڤ دەیەوێت بیکات و دەرئەنجامێکی باشی دەبێت. دەبینین لەم سەردەمە بووە، کە ژن بیر و ئایدیاکانی خۆی دەرخستووە، لە هەمانکاتدا هەستیکردووە، هەموو بوونەوەرێک مافی ژیانکردنی هەیە، بە پێی یاساکانی سروشت، کەواتە هەر ژنە توانیویەتی دەسەڵاتێکی دادپەروەری و پڕ ڕێز و خۆشەویستی بگرێتە دەست لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستی و دروستی و متمانە بابەتێکی سەرەکی و گرنگە لە نێو هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانەکە باس، لە تواناو هێز و حەکیمییەکەی پەیوەست بە ژنەوە دەکات، بەهۆی ئەو وێنەیییەی، جەستەی ژنێک بە کلکی مارێکەوە لکێندراوە، بەڵام وەک خواوەندێک سەیرکراوە، چونکە ژن توانای زاوزێ کردن و منداڵ بوونی هەبووە، بە بەراورد بە پیاو ئەمەش بۆتە جێگەی تێڕامان، کە چۆن ژن منداڵێک لە سکیدا دەهێنێتە دونیاوە، بە شیری خۆی گەورەی دەکات. ئەمەش بوو بە بەڵگەیەک لەسەر دەسەڵاتی ژن و توانای ژن، بۆیە دەبینین ژن تا پلەی خواوەند بەرز کراوەتەوە، هەر لەو ڕێگەیەوە دەبینین کۆمەڵگای کوردی تێڕوانینیان، بۆ وێنە و جەستەی ژن پیرۆز بووە لەم قۆناغەدا، کەواتە لە کۆمەڵگای دێرینی کوردیدا دایک سالاری بووە نەک باوک سالاری. کەواتە ژن بۆتە سونبوولی زیرەکی و دانایی و حەکیمی و دەسەڵاتداری، کە ژن بوو بە بناغەی دروستبوونی زانست.

کەواتە دەبینین ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە ئەفسانەکەدا، سەر چاوەیەکی بەهێز بووە لە کایەکانی مەعریفەو زانستدا، هەر لە ئەفسانەکەوە بۆمان ڕوون بۆیەوە، کە پرسیارکردن مەعریفە بەرهەم دەهێنێت مەعریفە لە خۆیەوە بەرهەم نایەت، چونکە هەموو ئەفسانەکە پرسیارە لە سەر ئەوەی بۆ ژن بە مارێکەوە گرێدروە؟ بۆ ژن حەکیمە دانایە نهێنی پارێزە؟ هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و دەرئەنجام دیالۆگ دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بیر بکاتەو بە تێڕوانینێکی وردەوە .

## ئەنجام

لە توێژینەوەکەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.هەموو ئەم ئاماژانەی لە نێو ئەفسانەکەدا هەبوون، سەبارەت بە ژن هەموو لێکدانەوە و تێڕوانینەکان بۆ کارەکتەری ژن زۆر کاریگەر و بە هێزن، کە ژن ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و ئاشتی و دانایی، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە چۆن سەیری ژن یان ڕەگەزی مێ کراوە لە کۆندا.

٢. گرنگی ژن و جەستەی ژن لە ئەفسانەکەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، کە ژن دوای مردنی سوودی لە هەر بەشێکی وەرگیراوە لە زۆر بواردا وەک تەندروستی و چارەسەر و دانایی و خۆشبەختی ژیان پێکەوە ژیان.

٣.گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە لە کۆمەڵگای کوردی دێریندا کۆمەڵگایەکی دایک سالاری بووە تێڕوانینیان بۆ ژن ئەرێنی بووە، چونکە ڕۆڵی ژن ئەوە دەردەخات لە ئەفسانەکەدا.

٤. لە ئەفسانەکەدا، ژن وەک خواوەند سەیرکراوە ئەمە یەکێکە لەو خاڵە گرنگ و بە هێزانەی، کە ژن وەک پیرۆزییەک سەیرکراوە.

٥.هەموو ئەو وێنانەی لە ئەفسانەکەدا بوونی هەبوو، بەتایبەت وێنەی ژن وێنەیەکی تەواو خەیاڵی و سەیر و سەمەرە بوو وێنەکە هێز و توانا و ئیرادەی ژنی نیشان دەدا.

## سەرچاوەکان:


١. ئەڵوەنی، نەجم،(٢٠٠٧)، ئەفسانە و پەندی گاڵتەئامێزی کوردی، زنجیرە کتێبی کەلەپووری کوردی،چ١، هەولێر.

٢. ئەمین، عەبدولقاد محەمەد، (٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣. ئیسماعیل، نعمە قەرەنی، سەعید، پ.د. نەوزاد وەقاس، (٢٠٢٢)، مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کوردیدا (کۆچڕەو کۆچڕەو)ی عەبدوڵلا سەڕاج بە نموونە.

٤. خۆشناو، فەرهاد عەزیز، (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان،چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥. عەبدوڵلا، پێشڕەو، (٢٠١١)، جەستە. دەروون. عەقڵ، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦.یوسف، هۆشەنگ شێخ محەمەد، (٢٠٢١)، ئەفسانەی شاماران ب زارێ کورمانجییا سەروو و خواروو، چ١، چاپخانەیا ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی-سلێمانی، دهۆک.

٧. ئەحمەد، مەریوا حەمەکریم، (٢٠٢٢)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم)دا، سلێمانی.

٨. حەمەچکۆل، ئاهەنگ شەفیق، (٢٠١٩)، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٥)، سلێمانی.

٩. حسین، شاهۆ سالح، (٢٠٢٣)، درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە ڕێزمانی کوردیدا، سلێمانی.

١٠. مەعروف، هەرێم عوسمان، (٢٠٢٤)، وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجیی ناوەڕاست)، سلێمانی.

١١. شەریفی، محمەد، (١٣٨٧)، کتاب فرهەنگ ادبیات فارسی، نشر نو، تهران.

12. Bolle, Kees, Buxton, Richard. Smith, Jonathan (2024), Myth, definition, history, examples, & facts. Online: www.britannica.com 22/1/2024

13. carneval, Jennifer, starmack, sophie, clayton, jenna, (2023), Myth in literature/ definition, types& examples. Online: https://www.study.com

14. Naderi, makale setav, (2021), online: http://kurdarastimalari

١٥. ئەبوبکر، (٢٠٢١)، ئافرەت و توندوتیژی جەستەیی،
online: https://dengekan.info/archives/20422

١٦. حەمەد، دلاوەر عومەر، مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا، (٢٠٢٢)، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا،
Online: http://journal.kurdish-academy.

١٧. حەمەڕەش، سۆران، (٢٠١٧)، شاماران، خواوەندی مێینەی کوردیی زانین و پارێزەری نهێنی، بەسەرهاتەکەی چۆنە؟
History Of Kurdistan:Online

١٨. سوجادی، عەلائەدین،(٢٠١٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ئەفسانە
online: https://www.books.vejin.net

١٩. شاهین، د. طلعت ، (٢٠٠١)، لصورة التي صنعت الأسطورة ،
https://www.albayan.ae/amp/opinions/2001-06-01-1.1178003

Available online at http://aran.garmian.edu.krd ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.02-01-08

# Women's Image, Body, and Power in Kurdish Mythology, Shamaran as an Instance

**Diman Abdulla Salih**

Sulaimaniyah General Directorate of Culture and Arts, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-8-20** |
| Accepted | **2026-01-09** |
| Published: | **2026-01-17** |

**Keywords**

**myth, woman, image, power, shamaran.**

**Corresponding Author**

deman.abdulla@gmail.com

## Abstract:

Legend or mythology is the product and culture of any nation, which has ancient roots and is directly related to the human mind. This in itself is a kind of analysis of all phenomena that one did not understand. He has tried to interpret things irrationally. That is, it was based on imagination, which involved miracles. According to the sources, Kurdistan was an ancient civilization of Upper Mesopotamia, then moved to Lower Mesopotamia, which was the source of various legends, history, religion and culture.

From the very beginning of creation, man has always wanted to understand himself, the world, the universe and his surroundings. Although, myth is different from science, religion and history, there are similarities between them. Myths help to create a common awareness and sense of (history, values, beliefs, sacredness and traditions). At the same time, myths become a means of expressing and preserving social memories and experiences within a nation. Through mythology, we reach Kurdish culture and what is more important than mythology for collecting cultural wealth and preserving it from extinction and reviving language, which is due to the use of ancient original words in Kurdish mythology.